موتەبع بەیارکانی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق بەاودەکاتەوە

محەممەد شیاع سوودانی ئەمڕۆ سەشەممە، سەرکایەتیی 37ـەمین کەبوونەوەی ئاسایی ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراقی کرد. لە کەبوونەوەکەدا دەخی گشتیی وەات تاوتوێ کرا و گفتوگۆ لەبارەی ئەو بابەتانە کرا کە لە کارنامەی کەبوونەوەکەدا بوون و هاوکات هەندێک بەیار دران.

بەگوێرەی راگەیەندراوی نووسینگەی سەرکۆزیران کەدەستی موتەبع کەوتووە، ئەم بەیارانەی خوارەوە لە چوارچێوەی چاکسازیی کارگێڕی و دارایی پەسندکران:

یەکەم: پابەندکردنی وەزارەتەکان و لایەنە گرەنتدراوەکان بە وەزارەت و پارێزگاکان بەوەی کە هیچ مامەڵەیەکی دارایی، وەرگرتنی باج و کرێ و داهات پێچوانەی رێکارە یاساییە دیاریکراوەکانەوە ئەنجام نەدەن.

دووەم: هەوەشاندنەوەی هەموو ئەو بەیار و رێنماییە پەشووانەی کە پێچوانەی ئەم بەیارەن.

سێیەم: وەزیر، سەرۆکی دامەزراوە گرنگەکان بە وەزارەت، پارێزگار و بەرپرسانی یەکەکانی خەرجکردن، بەرپرسیارێتیی یاسایی و دارایی هەر مامەڵەیەک بە سامانی گشتییەوە پەچەوانەی ڕێکارە یاساییەکان لە ئەستۆدەگرن، بە گوێدانە هەکارەکانی خەرجکردن.

چوارەم: دیوانی چاودێریی دارایی فیدراڵی و دەستەی دەستپاکیی فیدراڵی چاودێریی جێبەجێکردنی بڕیارەکە دەکەن و ڕێکاری یاسایی بەرامبەر سەرپێچیکاران دەگرنەبەر.

- دواخستنی وەرگرتنەوەی قیستی ئەو سیستمانەی ئاودێری بە پرژاندن کە بە جووتیار و خاوەن کێڵگەکان (جگە لە هەرێمی کوردستان) فرۆشراون، ئەویش بە یەک ساڵ. بڕیارەکە ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە پێش وەرزی کشتوکاڵیی (2024 – 2025) سیستمەکانیان وەرگرتووە.

- پێدانی مەڵەتی وەبەرهێنان بە دروستکردنی کەمەڵەیەکی نیشتەجێبوون لەسەر زەویەکی 932 دۆنمی لە قەزای موسڵی پارێزگای نەینەوا.

ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراق گوژمەی ئەم پرۆژانەیشی زیاد کرد:

- دروستکردنی ڕێگەی دووسایدی باشووری ڕۆژهەڵاتی تکریت - دوور بە درۆژایی رووباری دیجلە.

- دروستکردنی ڕێگەی پردی هەواسراوی سەرکردایەتیی هێزی دەریایی، دروستکردنی سێ پرد و کارەکانی ڕەوی تایبەت بە بارناو و رووناککردنەوە خرایە سەر پەڕژە سەرەکییەکەی دروستکردنی ڕێگەی بازنەیی پارێزگای بەسرە؛ هەروەها تێچووی گشتیی پەڕژە سەرەکییەکە زیاد کرا و ناوەکەیشی هەموار کرایەوە بە (دروستکردنی ڕێگەی بازنەیی پارێزگای بەسرە، لێگە دروستکردنی ڕێگای پردی هەواسراوی سەرکردایەتیی

هەزی دەریایی، سە پرد و ئەنجامدانی کارەکانی ئاوەڕۆی باراناو و رووناککردنەوە).

- دروستکردنی وەستگەی پاڵاوتن و پەرەپێدانی رووباری سوەر/ پارەزگای موسەننا و زیادکردنی تەچووی گشتیی پڕۆژە سەرەکییەکە.

- دانان و دابینکردنی پردەکی ئاسنی جێگیر لەسەر رووباری دیجلە هاوتەریب لەگەڵ پردە ئاسنە کۆنەکە لە شاری موسە.

- گەیینی هەڵکانی گواستنەوەی ئاوی باران و ئاوی قورس لە شقامە سەرەکییەکانی گەڕەکی حوسەن (سەید - 60 - هەی یەکەم) لەگەڵ دروستکردنی وەستگەیەکی بەرزکردنەوە بە ئاوی باران و کارە شارەوانی و کارەبایەکان / پارەزگای بەسرە).

- دانانی ستوونی رووناککەرەوەی رازاوە و قیرتاوکردنی ناوچەی مزلەم لە رومەیسە / پارەزگای موسەننا.

- دەرکردنی پارەزگای بەسرە لە بەیاری ئەنجوومەنی وەزیران (107ـی ساڵی 2025) بە مەبەستی جێگیرکردنی پڕۆژەی (دابینکردن، دیزاینکردن، جەبەجەکردن و کارپێکردنی وەستگەکانی پاککردنەوە و شیرینکردنەوە لە (6) قەزا و ناحیەی پارەزگای بەسرە کە بریتین لە ئەبو فلوس، مەعقەل، سەیبە، مەدینە، ئیمام سادق، نەشووە و دەیر بە شەوازی دابینکردن، دیزاین، جەبەجەکردن، کارپێکردن و چاککردنەوەی وەستگەکانی شیرینکردنەوە و پاککردنەوە و (4) پێکهاتە بە کارە راوێژکارییەکان.

ئەنجوومەنی وەزیران دەنگی لەسەر هەموارکردنی بڕگەی (2)ـی راسپاردەی ئەنجوومەنی وەزاریی وژە (87ـی ساڵی 2025) دا، بە نوێکردنەوەی ئەو لێخشبوونەی درابووە کەمپانیا نەوتییە گرێبەستکارەکان (کەمپانیای گەشان بەدوای نەوت، کەمپانیای پێژەکانی نەوت و کەمپانیای گشتیی ئامێرە ئەندازیارییە قورسەکان) سەبارەت بە هەردوو شێوازی (یەک گرێبەست و گرێبەستی ڕاستەوخۆ) بە ئەوەی کەمپانیاکانی وەزارەتی نەوت بتوانن کارەکان ببەخشنە ئەو کەمپانیایانەی دەکەونە چوارچێوەی پسپۆڕییەکانیانەوە، بە مەرجێک گرێبەستەکە لە تێچووە خەمەندراوەکان زیاتر نەبێ و لەلایەن کەمپانیای گشتییەوە بە تێنیا جێبەجێ بکرێ، بەبێ هاوکاریی هاوبەشێکی لە کەرتی تایبەت، بە ماوەی یەک ساڵ، کە لە ڕۆژی دەرچوونی ئەم بڕیارەوە دەستپێدەکات.

تەرخانکردنی باڵەخانەیەکی میری لە بەغدا کە موڵکی وەزارەتی دارایی، بەشێوەی بەکرەدان بە ئەوەی بکرێتە بارەگای لقی بانکی نەوداوەتی لە عێراق.

پەسندکردنی ڕاپۆرتی ڕاسپاردە جێبەجێکارییەکانی لووتکەی بەغدا - 2025.

پەدانی دەسەڵات بە وەزیری دارایی یان هەر کەسێک کە ئەو ڕایدەسپێرێت، بە دانوستاندن و واژەکردنی سەرەتایی یان کۆتایی لەسەر پێژەیاسای پەسندکردنی ڕێککەوتنی دووڕکەوتنەوە لە دووبارە باجسەندن و ڕەگریکردن لە خەدزینەوە لە باجی داهات و سەرمایە لەنێوان عێراق و حکومەتی شانشینی یەکگرتوو و ئەرلەندای باکوور.

پێژەیاسای پەسندکردنی پەیەوەی ناوخۆی سەنتەری کاری ڕێکخراوی هاریکاریی ئیسلامی پەسندکرا، کە لەلایەن ئەنجوومەنی دەوەتەوە وردبینی بە کراوە و ڕەوانەی پەرلەمان کرا.